گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٤٧

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٧ –رە شە ممە – مارس ٢٠٢٤

**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن**

**٢٠٢٤**



**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**کۆماری ئیسلامی لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکاندا توشی شکستێکی سەرشۆڕانەی بوو، پێویستە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیم ئامادە بکەین**






**سازان لەگەڵ ئەمریکا مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زەمانەت ناکات**

## سەروتار

### بەرەو پێشوازی لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن

لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن نزیک دەبینەوە. ئەم ڕۆژە مێژوو و سوننەتەکەی لە ڕاپەڕینی ژنانی کارگەکانی ڕستن و چنینی نیۆیۆرك لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینیی وەردەگرێ. لە ٨ی مارسی ١٨٥٧، ژنانی کرێکاری کارگەکانی پارچەبافی و جلدوورین لە نیۆیۆرکی ئەمریکا هاتنە سەر شەقامەکان و خوازیاری بردنەسەرەوەی حەقدەست، هاتنەخوارەوەی سەعاتی کار و باشترکردنی بارودۆخی کۆیلەئاسای کار بوون. ئەم خۆپیشاندانانە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە هێرشی بەرینی کرایە سەر. ژنانی سۆسیالیست لە ساڵی ١٩١١دا ڕۆژی ژنیان بنیات نا، بەڵام دوابڕیار بۆ دیاریکردنی "ڕۆژی جیهانیی ژن" خرایە کاتێکی تر. ساڵی ١٩١٣ "نووسینگەی نێونەتەوەیی ژنان" (یەکێک لە ناوەندەکانی ئەنترناسیۆناڵی دووهەم)، هەشتی مارسی لەبەر خەباتی ژنانی کرێکار لە ئەمریکا، وەک "ڕۆژی جیهانیی ژن" دیاریکرد. لە هەمان ساڵدا ژنانی زەحمەتکێش و ژنانی ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕ لە ڕووسیەی تزاری و لە سەرتاسەری ئەورووپا، ڕێورەسمی "٨ی مارس"یان بە شێوەی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە بەڕێوەبرد. ژنانی کرێکاری سەنت پێتێرزبورگ بە مانگرتنی خۆیان لە ڕۆژی ٨ی مارسی ١٩١٧ دژبە بارودۆخی فەلاکەتباری سەرچاوەگرتوو لە سیاسەتی شەڕی دەوڵەتی ڕووسیە و بۆ نان و ئاشتی هاتنە مەیدان و بوون بە دەنگی ڕەسای شکۆدارترین شۆڕشی کرێکاری. ساڵی ١٩٢١، "کۆنفرانسی ژنانی ئەنترناسیۆناڵی سێهەمی کۆمۆنیستی" لە مسکۆ بەڕێوەچوو. لەم کۆنفرانسەدا، ڕۆژی ٨ی مارس وەک "ڕۆژی جیهانی ژن" پەسندکرا. کۆنفرانسەکە ژنانی سەرتاسەری جیهانی بانگهێشتی پەرەپێدانی خەبات دژبە نیزامی

سەرمایەداری و بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان کرد. ئەم مێژوویە ئاڵقەکانی زنجیرێکی دوورودرێژ و پێکەوە بەستراوی بزووتنەوەی پرۆلتێریی ژنانی جیهانە.

لە ماوەی هەموو ئەم ساڵانەدا و تا بە ئەمڕۆ، ملیۆنان ژن لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان شەقام و مەیدانی شارەکانیان کردووەتە دیمەنی شکۆداری خەبات دژبە هەڵاواردن و نابەرابەریی ڕەگەزی و نەزمی زاڵی سەرمایەداری. بێگومان هیچ تاکتیکێك ناتوانێ حاشا لەم ڕاستییە بکات کە ژنانی کرێکار بێبەشترین بەشی چینێکن کە هەم شەللاقی هەڵاواردنی ڕەگەزییان وێدەکەوێت و هەم یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کەڵەکە کردنی سەرمایەن لە جیهانی ئەمڕۆدا. ناڕەزایەتی ملیۆنی و هەموو ساڵەی ژنان نیشانی دەدات کە لە نیزامی سەرمایەداریدا تەنانەت لەو جێگایە کە بەرواڵەت باس لە بەرابەریش دەکرێ، چ بۆشاییەکی قووڵ لە نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنان لە پیاوان جیا دەکاتەوە. ئەم حەقیقەتە نیشانی دەدات کە بەرابەری یاسایی ئەگەر بوونیشی هەبێت بە هیچ جۆرێك بە مانای بەرابەری ڕاستەقینەی مرۆڤەکان نییە.

لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، واتە جێیەك کە نابەرابەری بنەڕەتیی نەزمی سەرمایەداری لەگەڵ ئایین تێکەڵ بووە، تەنانەت هیچ باسێك لە بەرابەری یاساییش لە گۆڕێدا نییە. لێرە ئیتر هەڵاواردن، توندوتیژی، بێ مافی و دژەژن بوون، شکڵی یاسایی و شەرعی بەخۆی گرتووە. چونکە دەوڵەت نە تەنیا وەك ئۆرگانی پارێزەری نەزمی چینایەتی چەوسێنەر، بەڵکوو وەك ئۆرگانی زاڵی ئیدئۆلۆژیك، پێویستی بە سەرکوتی ژنانە. بەڵام سەرەڕای تێکەڵ بوونی بەربەریەتی سەرمایەداری لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و هەموو ئەو بێبەشیانەی کە بەسەر ژناندا سەپاندووە و سەرەڕای ئەوەیکە هەژاری پتر لە هەموو کاتێك



ڕۆخسارێکی ژنانەی بەخۆی گرتووە، ژنان قوربانیانی خامۆشی ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارە نین. بینیمان کە لە بەفرانباری ۹٦ و خەزەڵوەری ۹۸دا، ژنان چلۆن لە ڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا بوون و پتر لە یەك حەوتوو خەویان لە چاوی سەران و کارگێڕانی ڕژیم تاراند. ئەوان لە ماوەی ئەم ساڵانەدا شان بە شانی کرێکارانی هەفتتەپە، لە پێشەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و لە شوێنی کار و لەسەر شەقامەکان سروودی خەباتیان خوێندەوە. ئەوان لە مێترۆکاندا بۆ خەڵك، لە ۸ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن دوان. ئەوان لە بەرزاییەکانی شەقامی ئینقلاب حیجاب، واتە سەمبولی کۆیلەتی ژنیان بە زەوی دادا و لە زانکۆکاندا هاواری ناڕەزایەتییان دژبە هەڵاواردنی ڕەگەزی بەرز کردەوە. ژنان لە ڕیزی پێشەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەریی ماموستایان و خانەنشیناندا بەشدار بوون و وەك پزیشك و پەرستار لە ڕیزی پێشەوەی خەبات لەگەڵ کۆرۆنا گیانفیداییان نواند و کاتێکیش بەدیل گیران و ئەشکەنجە دران، ئیدیعانامەی خۆیان کە ڕاگەیاندنی شەڕێکی ئاشکرا دژبە ڕژیم بوو، ڕاشکاوانە ڕاگەیاند.

ئەمساڵ لە بارودۆخێکدا بەرەوپیری ۸ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنەوە دەچین کە نزیک بە یەک ساڵ و نیو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بە پێشەنگایەتی ژنان کە قەتڵی دەوڵەتی ژینا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی، تێدەپەڕێ. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بەهۆکاری ئەوەیکە هێزی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و خەڵکی ناڕازیی بەرانبەر وەزعی مەوجوود لەئاستی جەماوەریدا نەهێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە و پێداویستییەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی لە کۆمەڵگادا دابین نەکردووە، نەیتوانیوە ئامانجە ڕوونەکانی خۆی واتە ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن و ستەم دەستەبەر بکات. بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ئەگەرچی نەیتوانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی مەزن و هەمیشەیی لە وشیاری و زهنیەتی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشی کۆمەڵگادا پێکهێناوە. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بە دروشمەکان، هێماکان و مشتە گرێدراوەکانی ژنان لەسەر شەقام نیشانی دا کە ژنان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێرانن. ئەم بزووتنەوەیە، پاشەکشەی بە لیبرالیسمی بورژواییی ئێران کرد کە لەژێرناوی سنووربەندی کردن لەگەڵ توندوتیژی، لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی چەمکی شۆڕشدا بوو. ئەم بزووتنەوەیە بیروهەرزی شۆڕشگێڕانەی بەهێز کرد و بۆ جارێکی تر سووژەی شۆڕشی خستە سەر زارەکان. ئەم بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەرکی پێویستی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی لەناو هەموو بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێز کرد. ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە هەموو کاتێک بە خەباتی ژنانی ئێران بەرانبەر بە هەڵاواردنی ڕەگەزی، هۆگرایەتی کۆمەڵایەتی و جیهانی بەخشی. ژنان بە پێشەنگایەتیی خۆیان، بە گرتین و بێ باکییان لە گرتنەوەی شەقامەکان نیشانیاندا کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و نایەکسانی بابەتێکی مومکینە. ۸ی مارسی ئەمساڵ لە جەرگەی ئەم پێشڕەوییانەدا بەڕێوەدەچێت.

ئەگەر ۸ی مارس هەر لە سەرەتاوە بە ڕاپەڕینی ژنانی کرێکار دەستپێکرد، پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاری ژنیش، بێجگەلە هاتنە مەیدانی ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش دەستەبەر نابێت. بەرژەوەندی ژنان و پیاوانی کرێکار لەوە دایە کە لە ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی و لە حیزبی سیاسیی خۆیاندا سازمان بدرێن و شان بە شانی یەك دژبە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ستەمی نیزامی سەرمایەداری خەبات بکەن. ئەگەر خەباتی ڕێکخراوی ژنان، فاکتەرێکی گرینگە لە پێناو بەرەوپێش بردنی بابەتی ڕزگاریی ژن، پێویستە لە هەموو دەرفەتێك بۆ ڕێکخستنی جەماوەر کەڵك وەربگیرێت تا ژنان بە هێز و شکۆیەك کە شیاوی ئەوانە، لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێرانەی کۆماری ئیسلامیدا بەشداری بکەن. خەباتی ژنان بە ستراتێژی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە ئاسۆی سۆسیالیستییەوەیە کە دەتوانێ کۆتایی بە هەڵاواردنی ڕەگەزیی سەرمایەداریی ئیسلامی لەم کۆمەڵگەیەدا بێنێت.

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# کۆماری ئیسلامی لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکاندا توشی شکستێکی سەرشۆڕانەی بوو، پێویستە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێم ئامادە بکەین

سەرەنجام گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی دوازدەهەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و شەشەمین دەورەی مەجلیسی خوبرگانی ڕەهبەری لە حاڵێکدا کە ١٩٠ هەزار هێزی پۆلیس بۆ دابینکردنی ئەمنیەتەکەی لە ئامادەباشدا بوون، بەڕێوەچوو. لەم سێناریۆ بەرنامە بۆ داڕێژراوەدا کە فریو و ساختەکاری و هەڕەشە سێبەری بەسەردا کێشابوو، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە دۆڕاندی و کرێکاران و جەماوەرێک کە بۆ شکست پێهێنانی ئەم گاڵتەجاڕییە ئامادەکارییان کردبوو سەرکەوتن. ئەگەرچی هەموو ناوەندە حکوومەتییەکان داماوانە هەوڵیان دەدا وای نیشان بدەن کە ئاستی بەشداریی خەڵک زۆر بووە، بەڵام ڕاپۆرتی شایەتحاڵان و ناوەندە سەربەخۆکان لە حکوومەت نیشانی دەدەن کە بژاردەی "ئێمە ئیتر دەنگ نادەین"، "ڕەئی بێ ڕەئی"، "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" کە پێشتر دورشمی نارەزایەتییەکان بوو و یان لە دەرگا و دیواری شارە جۆراوجۆرەکان درابوو، لەم شانۆی ئینتخاباتییەدا سەرکەوتووە. لەڕاستیدا زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران کە لە هەژاری و گرانی، هەڵاواردن و نابەرابەری و کوشتار و قەتڵە حکوومەتییەکان وەگیان هاتوون، لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگ و شکۆمەندی سیاسیدا نایەکی گەورەیان بە گشت کۆماری ئیسلامی وت. بەم حاڵەوە سەران و میدیاکانی درۆزنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی باس لە بەشداری بەرینی خەڵک لە حەوزە ئینتخاباتییەکان دەکەن و ستادی ئینتخاباتی ڕژیم لە کردەوەیەکی فریوکارانەدا بەهۆکاری بێبنەمای ئەوەیکە ناوی نا "قەرەباڵغ بوونی ناوەندەکانی دەنگدان" چەند جار ماوەی دەنگدانی درێژ کردەوە و دوایین مۆڵەتی تا کاتژمێژ ١٢ی شەوی هەینی درێژ کردەوە. بەڵام بەپێی هەموو ڕاپۆرتەکان و ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە لە حەوزەکانی دەنگدان ئامادە کراون و لەناو تۆڕە کۆمەڵاتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، چاوەروان کراوە کە خەڵک لە تاران کەمتر لە ٢٠ لەسەد و لە شارەکانی دیکەی ئێران بەشێوەی مامناوەند کەمتر لە ٢٥ لەسەد لەم نمایشە ئینتخاباتییەدا بەشدارییان کردووە. بەپێی ڕاپۆرتەکان لە پارێزگاکانی کوردستان و سیستان و بەلووچستان زیاتر لە هەشتا و پێنج لەسەدی خەڵک لەم "هەڵبژاردن"ەدا بەشدارییان نەکردووە. خەڵکی خەباتکار لەم پارێزگایانەدا بە بەشداری نەکردنیان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تێکشکاندنی نمایشی هەڵبژاردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو.

شکستی سەرشۆڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەم نمایشەی هەڵبژاردنەدا بە تەواوی پێشبینیکراو بوو. ئەو بزووتنەوە مەزنەی کە لە زۆر پێشترەوە لە بەرەی کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو لەم بارودۆخە، لە کۆڵان و شەقام و ئیدارات و شوێنی کار، لە ئوتوبوس و مێترۆ، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هیتر بۆ تێکشکاندنی ئەم گاڵتەجارییە وەڕێکەوتبوو، ڕیشەی لەو ئاخێز و بزووتنەوە سیاسییە جەماوەرییانە و لەو ئاڵوگۆڕە مەزنەدایە کە لە زهنیەتی وشیاری کرێکاران و جەماوەری خەڵکدا پێکهاتووە. خودی سەرانی ڕژیمی ئیسلامیش دەزانن کە کۆمەڵگای ئێران لەو قۆناغە تێپەڕیوە کە بتوانن بە فریو و هەڕەشە خەڵک بەرنە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا لەم ڕێگەوە مەشرووعیەتی ئینتخابایی خۆیان نیشان بدەن. شانۆکانی هەڵبژاردن بەکردەوە بوونەتە ئامرازێک بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی جەناحی و ڕێکخستنەوەی باندەکان لەناو حکوومەتدا. لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا کە کۆمەڵگا لەبەردەم شۆڕشدایە، کادری ڕێبەری سپا و ناوەندی




ڕێبەری ئوسوولگەراکان ستراتێژی مانەوەی نیزامی ئیسلامی لەڕێگەی یەکدەستکردنی زیاتری ناوەندە حکوومەتییەکان و بەهێزکردنی توانای سەرکوت بەڕێوە دەبەن.

لە وەها بارودۆخێکدا بۆ تێکشکاندنی ستراتێژی سەرکوتی بێسنووری کۆماری ئیسلامی و بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە پێویستە بەشێوەی نەخشەمەند پێداویستییەکانی ڕووخاندنی فەراهەم بکرێت. شکستی ڕژیمی ئیسلامی و سەرکەوتنی خەڵک لەم گاڵتەجارییە ئینتخاباتییەدا دەتوانێ ببێتە سەنگەرێک بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەبواری ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەری سیاسی. چینی کرێکاری ئێران سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگایەتی دەتوانێ ڕێکخراوتر بێتە مەیدان. بزووتنەوەی مانگرتنی کرێکاران بەستێنێکی بابەتی بۆ بەهێزترکردنی ڕێکخستنی چینی کرێکارە. بوونی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە گشتییەکان و هاتنە مەیدانی توێژێکی بەرین لە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بە ئاراستەی شۆرایی، زەرفیەتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانە نیشان دەدات. بەشداری بەرچاوی ژنان لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی خانەنشینان و مامۆستایان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە بزووتنەوەی خوێندکاری و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێکخستنی سەرتاسەری و ڕێبەری ئەم بزووتنەوانە نیشانەی زەرفیەتی بەرینی بزووتنەوەی ژنانە لە بواری ڕێکخستندا. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن دەتوانێ لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی شارەکانیش بە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم گەڕەکانە لەناو ئەنجومەن و شۆراکانی ژنان، بەشێکێ دیکە لەم هێزە مەزنە بێنێتە مەیدان. بزووتنەوەی خوێندکاری لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا و بەتایبەت لەماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو گەلێک زەرفیەتی بەرچاوی لە بواری سازماندان و هاوپشتی لەگەڵ باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی نیشان داوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بەشداری بەرچاوی خۆی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری، بوو بە چاو و چرای خەڵکی ئێران و بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە پایەکی سەرەکی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لە ئێرانە. ئەم بزووتنەوەیە توانای ئەوەی هەیە کە هێزی بزوێنەری خۆی ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدان. ئەم ڕووبارانەی شۆڕش پێویستە یەکبگرن. گەشەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییانە دەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. ئەو مانگرتنانەی کە ئاوێتەی ڕێپێوانی سەر شەقام و کۆبوونەوەی نارەزایەتین دەتوانن دەزگای سیاسی، ئیداری و ئابووری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر بکەن. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران بشێوێنێ. ناکۆکی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی

٢ی مارسی ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊


## ئایین ئامرازی سەرکوتی دەروونی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشە

مەزهەب لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆدا، لە هەمان حاڵدا کە بیروباوەڕی جەماوەرێکی بەرین لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش پێکدێنێ، ئامرازێکیشە بە دەست سەرمایەداران و دەوڵەتەوە تا لە ڕێگای ئەوەوە خەڵک بە هیوای ژیانێکی ئەفسانەیی لە دنیایەکی دیکە فریو بدەن و حاکمیەتی نیزامی سەرمایەداری و بەهەشتی ئەمڕۆی خۆیان هەر لەم دنیایەدا درێژە پێبدەن. ئایین بەردەوام و بە درێژایی مێژوو ڕەنگدانەوەی بێ هیوایی و بێ توانایی جەماوەری خەڵک بووە لە دەست و پەنجە نەرم کردنیان لەگەڵ کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیانیان. ئینسانێک کە کۆیلەی مۆناسباتی نیزامی سەرمایەدارییە و بە تەنیایی ناتوانێ بارودۆخی ژیانی خۆی بگۆڕێت و لە بەرانبەر ڕەنج و ئازارێکدا کە خۆی و بنەماڵەکەی گیرۆدەی بوون، کارێکی لەدەست نایە، کاتێک کە خۆی لاواز و داماو دەبینێ، بە ناچار روو دەکاتە ئاسمان، بەو هیوایەی هێزێکی بە تواناتر لە خۆی دەربکەوێ و ڕزگاری بکات. کاتێک کە لە دنیای واقعیدا هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکانی نامێنێتەوە، ئاوات دەخوازێ کە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە هیواکانی، دوای مردن سەرلەنوێ زیندوو بێتەوە و بە ئاواتی دەست ڕاگەیشتن بە ڕەفاە و بەختەوەری لە دنیای خەیاڵی دوای مردندا، ڕەنج و ئازارەکانی دنیای ڕاستەقینە تەحەمول دەکات.

دەوڵەتانی سەرمایەداری بۆ درێژەدان بە سوڵتەی چەوسێنەرانەیان بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوتگەرییان بەڕێوەدەبەن. سەرکوتی ڕاستەخۆ لە ڕێگای زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام و دروست کردنی فەزای پۆلیسی و وەحشەت لەناو کۆمەڵگادا تەنیا یەکێک لە شێوازەکانی سەرکوتە. شێوازی تری کە بە یارمەتی مەزهەب بەڕێوەدەچێت بریتیە لە دەروونی کردنەوەی سەرکوت. ئەوان بە یارمەتی ئایین دەنگی نارەزایەتی خەڵکی نارازی لە ناخەوە کپ دەکەن. مەزهەب بەوانەی وا کە تەواوی تەمەنیان لە ڕەنج و ئازاردان و لە نیاز و کەم و کوڕیدا دەژین فێردەکات کە تا کاتێک زیندون، تەسلیم و سەبوور بن و بە هیوای پاداشتەکانی بەهەشت ئارام بن. مەزهەب جۆرێک موخەدر و سرکەری مەعنەویە کە تێیدا کۆیلەکانی سەرمایە، دڵخوازانە لە ژیانێکی باشتر کە شایستەی ئینسان بێت، خۆ بەدوور دەگرن.

ڕزگار بوونی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەو سەرکوتە دەروونیە، بە ڕۆشنگەری و لێکدانەوەی زانستی بابەتە جیهانیەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا مسۆگەر دەبێت، بەڵام ئەم ڕزگار بوونە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە بارودۆخی مادی ژیانی ئینسان گۆڕابێت و ئەو هێزە سروشتی و کۆمەڵایەتیەی کە ئینسان لە ترسیان پەنای بۆ مەزهەب بردووە، هاتبێتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی چینی کرێکار و ئەفکاری ئینسانی پێشڕەو و پێشکەوتوو خوازەوە. بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و لەناوچوونی نیزامی سەرمایەداری، ڕێگای ڕزگاری لە زیندانێک کە توانای ئاڵوگۆڕبەخشی ئینسان تێیدا بە بەند کێشراوە ئامادە دەبێت. کەوابوو ئەرکی ئێمە دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە. بێگومان ڕوون کردنەوەی زانستی بابەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەناو کرێکاران و سڕینەوەی پاشماوەکانی بیری مەزهەبی لەناو بیر و مێشکاندا و نیشاندانی ئەم واقعییەتە کە مەزهەب زنجیری دیلەتیەکی دیکەیە بە دەست و پێی کرێکارانەوە، بەشێک لە هەوڵەکانە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکاری.

لەو پێناوەدا و بۆ دەست ڕاگەیشتن بە وەها ئامانجێکە کە تەوەری جیایی دین لە دەوڵەت دێتە گۆڕێ. لە ڕاستیدا ئایین، بەدەر لەوەیکە سەربەخۆ لە دەوڵەت بێت یان نەبێت، ئامرازی دەروونی کردنەوەی سەرکوتی کرێکاران و خەڵکی




زەحمەتکێشە کە لەدەست ئەم نیزامە وەتەنگ هاتون و لێی نارازین. بەڵام وەدی هاتنی داخوازی جودایی دین لە دەوڵەت، ئەم ئامرازە سەرکوتە لە دەست سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان دەردێنێ. جیایی دین لە دەوڵەت بەمانای هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ئیمتیاز و هەڵاواردنێکە لە پێشەی دەوڵەتی و حقوقی کەسەکان لەسەر حیسابی مەزهەب و پلەی مەزهەبی ئەوان و یان باوەڕ و بێ باوەڕ بوونیان بە مەزهەب؛ بەمانای هەڵوەشاندنەوەی دانی یارمەتی ماڵی و غەیرە ماڵی دەوڵەتی بە چالاکی و دامەزراوە مەزهەبییەکانە، بەمانای هەڵوەشانەوەی وانەی مەزهەبی لە ناو مەدرەسە و دامەزراوە ئاموزشیە دەوڵەتیەکاندایە؛ بەمانای ئەوەیە کە هیچ مەزهەبێک وەک مەزهەبی ڕەسمی بە ڕەسمیەت نەناسرێت، مەزهەب وەک ئەمرێکی تایبەتی کەسەکان چاوی لێ بکرێت و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ لە ئیختیار کردن و یان نەکردنی هەر مەزهەبێکدا ئازاد بن." جیایی دین لە دەوڵەت" دروشمێکە کە وێڕای نیشاندانی دژایەتیمان لەگەڵ مەزهەب وەک ئەمرێکی دەوڵەتی، پێبەندبوونیشمان بە ئەسڵی ئازادیی بێ شەرت و مەرجی بیروباوەڕ، نیشان دەدات. واتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چینی کرێکار چ وەک ئۆپوزسیۆن و چ دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بە توندی دژایەتی لەگەڵ هەموو جۆرە گوشار و زوڵم و زۆر و پشکنینی بیروبۆچوون و هەڵاواردن و مەحدودیەتی یاسایی لەدژی کەسانی مەزهەبی دەکات و بۆ ڕەخنە و وەلانانی بیروبۆچوون و نەزەراتی مەزهەبی لە کۆمەڵگاشدا، هیچ شێوازێک بێجگە لە خەباتی نەزەری، ڕۆشنگەری و ئاموزش و قەناعەت پێهێنان، بە ڕێگە پێدراو نازانێت.

داخوازی جودایی دین لە دەوڵەت دەستی دەوڵەتەکان لە پەرەپێدانی مەزهەب بە کەڵک وەرگرتن لە سەروەت و ئیمکاناتی گشتی کۆمەڵگا، کورت دەکاتەوە. لەم ڕووەوە جیایی دین لە دەوڵەت و بوونی مەزهەب بە ئەمرێکی خسوسی ئینسانەکان یەکێک لەو دروشم و داخوازیانەیە کە ئێمە کۆمونیستەکان خەباتی بۆ دەکەین، بەڵام بێجگە لە ئێمە بەشێک لە ئۆپوزسیۆنی بۆرژواییش سەرفی نەزەر لەوەی کە لە داهاتودا تا چ ئاستێک پێبەند دەمێننەوە، هەر ئەم دروشمە دەڵێنەوە و هێندێک جار موبەلیغی ئیدە غەیرە مەزهەبیەکانیشن و خۆیان بە سیکۆلار ناودەبەن. بەڵام ئەوەی کە هەڵوێستی ئێمە لە هەڵوێستی جەریاناتی بۆرژوایی جیا دەکاتەوە تەنیا سێکۆلاریسم و داخوازی جیایی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا ڕوون کردنەوە و نیشان دانی دەور و نەخشی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەزهەبە لە خزمەت بە نیزامی چینایەتی سەرمایەداریدا.

ئێمە لە خەبات لەگەڵ مەزهەبدا هەرگیز بێ ڕێزی بە بیر و باوەڕی خەڵک ناکەین، کاری ئێمە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی بە حەوسەڵەی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی بە بەڵگەی جیهانبینی کۆمۆنیستی لە بەرانبەر دیاردەی مەزهەب دایە. وەها سیاسەت و هەڵوێستێك، تەفرەقە و جیایی دەروست ناکات بەڵکوو یەکریزی و یەکگرتوویی بەدوای خۆیدا دێنێ. نە تەنیا هاوپشتی خەباتکارانەی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لاواز ناکات، بەڵکوو بەهۆی خەسڵەتی زانستی و واقع بینانە و دڵسۆزانەی، ڕیزەکانی نەبەردی چینایەتی کرێکاران پتەوتریش دەکات.

***

## بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، مامۆستایانی ئایینی و حیزبی دێموکرات

لەم ڕۆژانەدا باسکردن و پێداگرتنی دووبارە لەسەر ئەم تێۆرییە کە "دین ڕۆڵێکی گرینگ لە کۆمەڵگادا دەبینێت و ناکرێ لە سیاسەت جودای بکەیەوە. مامۆستایانی ئایینیش دەورونەخشێکی گرنگیان لە ئازادیی ئێراندا هەیە" لەلایەن خالیدی عەزیزی وتەبێژی ڕەسمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندازەی ئۆتوبوسی بەخۆڕایی ڕەوزا پەهلەوی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگی داوەتەوە. ئینسافەن کاک خالیدی عەزیزی تیۆری و گوتارێکی تازەی نەهێناوەتە گۆڕێ، بەڵکوو بەشێک لە باوەڕ و ستراتێژی سیاسی کۆنە و هەمیشەیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە پێگەی دین لە کۆمەڵگا، پەیوەندی لەگەڵ سیاسەت و جێگە و پێگەی مامۆستایانی ئایینی لە "خەبات بۆ ئازادی

ئێران" باس دەکات و تەئکیدی دووبارەیان لەسەر دەکاتەوە. کاک خالیدی عەزیزی لە پێگەی وتەبێژی حیزبی دێموکراتدا بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە پەیڕەوێکی سابت قەدەمی باوەڕ و ستراتێژییە سیاسییەکانی ئەم حیزبەیە و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان نەیتوانیوە لە باوەڕ و نەخشەی ستراتێژیکی ئەو و حیزبە دڵخوازەکەی بۆ داهاتووی کوردستان گۆڕانێک پێکبێنێت. بۆیە ئەوەیکە هەستیاریی خوێنەران و چالاکانی سیاسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵخراندووە، ناوەڕۆکی ئەم تیۆرەیە نییە، بەڵکوو دووبارە جەختکردنەوەیەتی لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، کە بە باوەڕی زۆرێک لە ئێمە ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی هەروا زیندوویە و بەردەوامە.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حاڵێکدا لەسەر ئەم باوەڕە کۆنە و ماوەبەسەرچووانە جەخت دەکاتەوە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لە زێدی ژینا لە کوردستانەوە دەستیپێکرد. بە پێشەنگایەتی ژنان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "مەرگ بۆ خامنەیی" و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک فڕێدان و سووتاندنی حیجاب لەسەر شەقام پایەی ئایدیۆلۆژیی حکوومەتی دینی و دەورونەخشی دین لە دەوڵەت و لە دیاریکردنی یاسا و سیاسەتی تێکشکاند. ئەم ئاخێزە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی و یاسای سەختی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بزووتنەوەی ڕزگاری ژنی لە ناوچەکە بردە قۆناغێکی نوێوە و بوو بە هێمای بزووتنەوەی ڕزگاری ژن لەم ناوچەیە. ئەم ئاخێزە شکۆدارە شۆڕشگێڕانەیە، دۆسیەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی مەزهەبی نزیک بە حیزبی دێموکراتی خستە لاوە کە دوای کۆتایی کاری دیکتاتۆری دینی بەنیازی دامەزراندنی حکوومەتی مەزهەبی لەژێرناوی "کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی"دا بوو. کاک خالید عەزیزی لە حاڵێکدا لەسەر ڕۆڵی ماموستایانی ئایینی لە ئازادی ئێران تەئکید دەکات کە ڕێپێوانی نمادینی ژنانی بێ ڕووسەری، هەڵپەڕین و سەمایان بەدەوری ئاگری ڕووسەرییەکان، مێژەر بەردانەوە یان عەمامە پەڕانی کە وێنەکانی بەردەوام لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەست بە دەست دەکرا بەشێک لە جوانییەکانی ئاخێزی شکۆمەندی ژینا بوون. ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە زهنییەتی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت لە زهنیەتی ژنان کە پێشەنگی بوون پێکیهێناوە، جێگایەکی بۆ داسەپاندنی ڕۆڵی مێژەربەسەر و ماموستایانی ئایینی لە دیاریکردنی سیاسەت و داڕشتنی یاسای داهاتووی کوردستان نەهێشتووەتەوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارودۆخێکدا باس لە ڕۆڵی گرینگی ماموستایانی ئایینی لە ئازادی ئێران دەکات کە بەشێک هەر لەم ماموستا ئایینییە سوننییانە لە کوردستان لە مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا لە حاڵێکدا کە لە زیاتر لە سەد شاری ئێران ئاگری نارەزایەتی شەقام بە دروشمی سەرەکی ژن ژیان ئازادی و مەرگ بۆ خامنەیی گەشەی دەکرد، بۆ ڕاگرتنی بزووتنەوەی ژینا، بۆ ڕاگرتنی خەبات بۆ ئازادی ئێران بەیاننامەی سیاسییان دەردەکرد. ئەم ماموستا ئایینیانە لە بارودۆخێکدا کە خەڵکی کوردستان لە هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران بۆ کۆکردنەوەی بیساتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هاتبوونە مەیدان، بەپێی بنەماکانی قانوونی ئەساسی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خوازیاری "بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆمێک بە سازوکاری ئیجرایی دڵخوازی خەڵک و بە بەشداری باوەڕپێکراوان و ڕێبەرانی دینی و نەتەوەیی و هەروەها بە چاوەدێری ناوەندە نێودەوڵەتییە بێ لایەنەکان بۆ چوونەدەر لە وەزعیەتی ئێستا" بوون. هەڵبەت ئەوان لەئاست دەرکردنی حوکمی ئێعدامی نارازییان هۆشدارییان دا. نەک بە خاتری ئەوەیکە ئێعدامیان پێ کوشتنی ئەنقەستی دەوڵەتییە. نەک بەخاتری ئەوەیکە دژی سزای ئێعدام بن. بەڵکوو بەخاتری ئەوەیکە پێیان وابوو ئەم کارە خۆفناکە



(لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەدا) تەنها دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توورەیی میللەتی ئینقلابی". لەڕاستیدا ماموستایانی ئایینی کوردستان هاوشێوەی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی بارانیان دەویست، بەڵام تۆفان هاتبوو و دەیانویست بەر بەم تۆفانە بگرن. ماموستایانی ئایینی لە کوردستان لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بەردەوام وەک پایگای نفووز و باسکی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە کوردستان عەمەلیان کردووە. ئەم ماموستا ئایینییانە وەک بەشێک لە چینی ماناوەندی کوردستان کە بەشوێن بەشداربوون لە دەسەڵات و دەستڕاگەیشتنیان بە هێندێک لە پۆستە ئیدارییەکان لەڕێگەی بەشداریکردن لە گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی ڕژیمی ئیسلامی لە کوردستان بوون، بەردەوام خەڵکیان بۆ بەشداری کردن لە شانۆکانی ئینتخاباتی ڕژیم و هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا هان داوە. لەڕاستیدا ئەم ماموستا ئایینیانە لەڕێگای "ئازادیی ئێران"دا بۆ گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیمی ئیسلامی و بۆ "مەشرووعیەت" بەخشین بە دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە تاوانکارە بازارگەرمییان کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی کاک خالیدی عەزیزی لەو سەردەمەدا گەلێک جار بۆ لێک نزیک بوونەوەی ماموستایانی ئایینی لەگەڵ ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی چرای سەوزی نیشاندا.

بەڵام واقیعەت ئەوەیە کە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کە لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بوون بە چاو و چرای خەڵکی سیستان و بەلووچستان و خەڵکی سەرتاسەری ئێران، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئەم تیۆری و نەخشە ستراتێژیکەی وتەبێژی حیزبی دێموکراتیان داوەتە بەر ڕەخنە. خالیدی عەزیزی وەک وتەبێژی ڕەسمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان نوێنەرایەتی دەکات ئەم واقعییاتە بەباشی دەزانێ. بەڵام سەرەڕای ئەم واقعییاتە حیزبی دێموکرات دەیهەوێ پایگای کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا قایم بکات و خۆی بۆ ڕیزبەندییەکانی داهاتوو لە کۆمەڵگادا ئامادە بکات. خالید عەزیزی بەم تیۆرییەی هەر لە ئێستاوە ڕایدەگەیەنێ کە ماموستایانی ئایینی، ئەگەر بێت وەک بەشی ئایینیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەگینا لە قامەتی حیزبێکی تازەی ئیسلامی لە کوردستان چ لە دەورەی گوزار و یان بە واتایەکی تر لە قۆناغی چرای زەرد و چ لە قۆناغی سەقامگیربوونی دەسەڵات، لە دیاریکردنی سیاسەت و داڕشتنی یاسای بنەڕەتی کوردستان دەورونەخشیان دەبێت. خالیدی عەزیزی ئەزموونی کوردستانی عێراقی بەوردی لەژێر نەزەردایە. ئەحزاب و ڕەوتە ئیسلامییەکان لە کوردستانی عێراق لە هاوپەیمانی و هاوکاری لەگەڵ ئەحزابی سەرەکی دەسەڵاتدار لە کوردستان و بە بەشداری لە پەرلەماندا دەیان یاسای کۆنەپەرستانە و دژی ژنیان پەسند کردووە و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتە حکوومەتییەکان و بە وەرگرتنی یارمەتی دارایی لە حکوومەتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە پەرەپێدەری بیر و فەرهەنگی دژەژن و کۆنەپەرستانەن لە بەرابەر فەرهەنگی پێشڕەو لە کوردستانی عێراقدا.

بێگومان هەروەک وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە ڕۆڵی دین بۆ چینە داراکان ئاگادارە، کرێکارانی وشیاری کوردستانیش دەزانن کە گرنگترین دەورونەخشی دین لە کۆمەڵگا، وەک ئامرازی ناو دەستی چینە داراکان و حیزب و دەوڵەتانی سەربەم چینانە، ئەوە بووە کە خەڵک بە هیوای ژیانی ئەفسانەیی لە دنیایەکی دیکە فریو بدەن تا دەسەڵاتی نیزامی چینایەتی و بەهەشتی ئەمڕۆی خۆیان لەم دنیایەدا درێژە بدەن. لەم ڕووەوە، ئەم بەشە لە کرێکاران بەردەوام لەسەر خواستی جودایی دین لە دەوڵەت و لەسەر بوونی بە بابەتی خسووسی ئینسانەکان پێداگرییان کردووە تا دەستی دەوڵەتەکان لە پەرەپێدانی مەزهەب لەڕێگەی بەکارهێنانی سەرووەت و ئیمکاناتی گشتی کۆمەڵگا، کورت بکەنەوە.

هەر ئێستا کە دە ڕۆژ لە ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ٧٥ تێنەپەڕیوە، وتەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە "گرینگی ڕۆڵی دین لە کۆمەڵگا و لە سیاسەت و دەورونەخشی ماموستایانی ئایینی لە ئازادی ئێران" ئەم دەرسە بەنرخە لە ئەزموونی جەماوەر لە جەریانی شۆڕشی ٧٥ وەبیرمان دێنێتەوە کە بۆ سەرکەوتن تەنها ئەوە بەس نییە کە خەڵک بزانن چییان ناوێ. ئاشکرایە کە خەڵک حکوومەتی ئیسلامی و ئیستبدادی دینییان ناوێ. هەروەها گەڵاڵەکردنی خواست و داخوازیی شەفاف و ڕوون ئەگەرچی هەنگاوێکی ڕوو لە پێشە و وێنەیەک لە کۆمەڵگای ئازاد، بەرابەر، خۆشبژێو و نامۆ لەگەڵ هەموو جۆرە هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی، مەزهەبی و ... دەخاتە بەرچاو، بەڵام لە دنیای ئاڵۆزی

سیاسەتدا ئەوەش بەس نییە. بێجگەلە ئەمانە جەماوەری خەڵک نەتەنها لازم و زەروورییە کە وێنەیەکی ڕوونیان لە سرووشتی پێکهاتەی سیاسی و حکوومەتی داهاتوو کە قەرارە خواستەکانیان وەدی بێنێت هەبێت، بەڵکوو پێویستە هەر لەئێستاوە هەوڵ بدەن لە کۆمەڵگای کوردستاندا بیکەن بە گوتارێکی بەهێز و بۆ پایەڕێژکردنی تێبکۆشن. تەنها دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان کە بەشداریی ڕاستەوخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان لە حاکمیەت، بەڕێوەبردن و ئیدارەی کۆمەڵگا دابین دەکات دەتوانێ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە کوردستان زەمانەت بکات.

***

## سازان لەگەڵ ئەمریکا مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زەمانەت ناکات

ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی مانگی ڕێبەندان هەواڵنێری ڕوویتێرز ئاشکرای کرد کە بەدوای کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکا لە بنکەی "تاوەر ٢٢" لە ئۆردۆن بەهۆی هێرشی مووشەکی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی عێراق کە سەربە ڕژیمی ئیسلامین، و بەدوای هەڕەشەی نیزامی ئەمریکا لەدژی ئەم گرووپانە و ئێران، کۆماری ئیسلامی داوای لە هێزە نیابەتییەکانی نزیک لە خۆی کردووە کە کۆتایی بە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی خۆیان دژبە هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بێنن. لە ڕاپۆرتەکەی ڕوویتێرزدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕاستبوونی ئەم هەواڵە لە لایەن دە سەرچاوەی عێراقی، لوبنانی، سووریەیی و حکوومەتی ئیسلامیش پشتڕاست کراوەتەوە و وتوویانە کە: "لەماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر دوای هەڕەشەکانی ئەمریکا کە تێیدا کۆماری ئیسلامی و گرووپە چەکدارە عێراقییەکان لەئاست کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکا بە بەرپرسیار پێناسە کرابوون، ڕۆژی ٢٩ی ژانویە ئیسماعیل قائانی بەنهێنی چووە فڕۆکانەی بەغدا". قائانی بەهۆی نیگەرانبوونی لەئاست کوژرانی خۆی، هەر لەوێ لەگەڵ سەرانی گرووپە ئیسلامییەکان و چەند بەرپرسی عێراقی وتووێژی کرد و گەڕاوە بۆ تاران. لەو دیدارەدا قائانی بۆ پاساوکردن و نادیدە گرتنی سیاسەتی نیزامی هەتا ئێستای کۆماری ئیسلامی لەئاست گوشاری گرووپەکانی نزیک لە خۆی بەدژی ئەمریکا بۆ چوونەدەر لە عێراق، پێی وتن: "ڕشتنی خوێنی ئەمریکاییەکان کاردانەوەی توندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەدواوە دەبێت و درێژەی هێرشەکانی ئێوە وتووێژی بەغدا و واشینگتۆن بۆ چوونەدەری هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتە بەرەوڕووی کێشە دەکاتەوە. لەم ڕووەوە دەبێ هێرشەکانی خۆتان لەدژی هێزەکانی ئەمریکا کۆتایی پێبێنن". پێویستە بوترێ کە ڕۆژێک دوای ئەمەش، گرووپی حیزبوڵڵای عێراق و عەسائبی ئەهلی حەق سەرەڕای کوژرانی فەرماندەیەکی سەرەکییان لە هێرشی نیزامی ئەمریکادا، لە بەیاننامەیەکی فەرمی و چاوەڕواننەکراودا ڕایانگەیاند کە هێرشەکانیان دژبە هێزەکانی ئەمریکا ڕادەگرن. دوای ئەم ماجەرایە لەماوەی سێ حەفتەی ڕابردوودا نەتەنیا هیچ هێرشێکی نیزامی لەلایەن گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی عێراقەوە بۆسەر هێزەکانی ئەمریکا ئەنجام نەدراوە بەڵکوو هیچ باسێکیش لەسەر چوونەدەری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن ئەوانەوە نەهاتووەتە ئاراوە.

هەر لە پێوەند لگەڵ ئەم مەسئەلەدا و هاوکات ئەمیر عەبدوڵڵاهیانیش ڕەوانەی سووریە و لوبنان کرا تا بە گرووپەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی لەوێ لەژێرناوی ئەوەیکە هێرشی نیزامی دەبێتە هۆی کوژرانی ڕێبەرانیان و دەبێتە هۆی لەناوچوونی ژێرخانە نیزامی و ئابوورییەکانیان، هۆشداریان پێ بدات کە عەمەلیاتی نیزامی دژبە هێزەکانی ئەمریکا لە سووریە و شەڕی حیزبوڵڵای لۆبنان دژبە ئیسرائیل کۆتایی بێنن. ئەنجامدانی ئەم هەوڵانە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ جارێکی دیکە نیشانی دەدات کە هێرشی نیزامی گرووپەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی بەدژی ئیسرائیل و هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، بۆ دیفاع لە خەڵکی



ستەمدیدەی فەلەستین لە شەڕی جەنایەتکارانەی ئیسرائیلدا نەبووە. بەڵکوو مووشەک هاویشتن و هێرشی درۆنی سنووردار و کۆنترۆڵکراوی ئەم هێزانە، کردەوەیەک لەلایەن بەناو "هێزەکانی میحوەری موقاوەمەت" بە فەرمانی کۆماری ئیسلامی بووە. تا لەم ڕێگەوە بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی ڕەخساو بەهۆی شەڕی غەززە، لە موعامەلە و سات و سەودا لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا کە هەر ئێستا لەئارادایە، وەک ئیمتیازێک بەکاری بێنێ. ڕۆژنامەکانی ئەمریکاش کاردانەوەی پارێزکارانەی حکومەتی بایدن بەرامبەر بە کوژرانی ئەو سێ سەربازەیان بە نیشانەی ڕێککەوتن و سازان لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ناوبرد و ئاماژەیان بەوە کرد کە: "ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بەوە گەیشتوون کە بەرژەوەندیان لەم ڕێگەوە مسۆگەر دەبێت نەک لەڕێگەی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران".

واقعیەت ئەوەیە کە لەماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەرەڕای تەبلیغاتی دووڕوویانەی ڕژیمی ئیسلامی بەدژی ئەمریکا لەژێرناوی "شەیتانی گەورە و ئیستکباری جیهانی و هیتر" کۆماری ئیسلامی بەردەوام بەشوێن سازشکردنی لەگەڵ ئەمریکا لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەی بووە. ڕژیمی ئیسلامی هەتا ئێستا لەم ڕاستایەدا لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەئاستی ناوچەیی و بەتایبەت لە عێراق و ئەفغانستان گەلێک یارمەتیدەر بووە. دەوڵەتانی ئەمریکا و ڕۆژاواش بێجگەلە ئەوەیکە هەر لە سەرەتاوە لە بەدەسەڵات گەیشتنی دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی لە جەریانی ڕاپەڕینی جەماوەری ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی، لەدوای ئەمەش بەردەوام هەوڵیان داوە بەرانبەر بە ئاخێزە ئینقلابییەکان و مانگرتنە کرێکارییەکان و نارەزایەتی جەماوەری لە کۆماری ئیسلامی پشتیوانی بکەن. ئەوان دەزانن کە بەدیلە دڵخوازەکانی ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری لەوانە ڕەوتی لیبراڵ، کۆماریخواز، ڕێفۆرمخواز، سەڵتەنەتخواز و ناسیۆنالیست، لەناو کرێکاران و جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران کە خوازیاری کۆتایی هێنان بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری و بێمافی کۆمەڵایەتی و هەموو شێوازەکانی هەڵاواردن و نابەرابەرین، هیچ کامیان خاوەنی ئیعتبار و هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتی نین.

بەڵام سازان و پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر ئەمریکا و زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکانیش ناتوانێ مانەوەی ڕژیم زەمانەت بکات. کێشە و دوژمنی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێرانە. ئەم ڕژیمە گەندەڵ و کۆنەپەرستە کە ساڵەهایە لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی ناوخۆیی بەرەوڕوویە و بەردەوام لە ڕیزەکانی کەم دەبێتەوە و ئاڵقەی دەسەڵاتەکەی تەنگتر و سنووردارتر دەبێتەوە، لەگەڵ گەشەی مانگرتنی کرێکاری و نارەزایەتی جەماوەری بەرەوڕووە، توانای وڵامدانەوەی بە هیچکام لە خواستەکانی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای نییە. ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە لەگەڵ شەپۆلی خرۆشانی نارەزایەتی ژنان دژبە یاسای کۆنەپەرستانەی ئایینی و حیجابی ئیجباری بەرەوڕوویە و لە بەرابەریدا ناچار بە پاشەکشە بووە. لە وەها بارودۆخێکدایە کە خامنەیی بۆ مەشرووع نیشاندانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەموو ڕۆژێ زەبوونانە داوا لە خەڵک دەکات کە لە شانۆی ئینتخاباتدا بەشداری بکەن و تەنانەت بە توورەیی و نیگەرانییەوە لەو خەڵکەی کە لێبڕاوانە بڕیاریانداوە لەم گاڵتەجاڕییەدا بەشداری نەکەن هەڕەشەیان لێدەکات و بە دوژمن پێناسەیان دەکات. بێگومان کۆماری ئیسلامی دەمێکە تەمەنی کۆتایی هاتووە و دەبێ بڕووخێت.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن
## ٢٠٢٤

لە کاتێکدا بە پێشوازی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن بەرابەر لەگەڵ ١٨ی ڕەشەممە دەچین کە نزیک بە یەک ساڵ و نیو لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ئێران بە پێشەنگایەتی ژنان تێپەڕیوە. ئەو ئاخێزەی کە قەتڵی دەوڵەتی ژینا ئەمینی بەهۆی ڕەچاونەکردنی حیجاب چەخماخەکەی لێدرا. ئەگەرچی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی دژەشۆڕشی ئیسلامییەوە دەرکەوتنی مووی سەری ژنان لەژێر ڕووسەرییەوە هێرش بۆسەر بنەماکانی ئایدیۆلۆژی حکوومەتی ئایینی سەرمایە هەژمار دەکرا، بەڵام ئەمجارەیان ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە پێشەوەی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە هاتنە سەر شەقامەکان تا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و "مەرگ بۆ خامنەیی"، بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک فڕێدانی ڕووسەرییەکان لەسەر شەقام و سووتاندنیان، بە ژێرپێنانی یاساکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زانکۆکان، پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی حکوومەتی ئیسلامی تێکبشکێنن و بیساتی ئەم



ڕژیمە تێکەوەپێچن.

ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بەهۆکاری ئەوەیکە هێزی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و خەڵکی نارازی بەرانبەر وەزعی مەوجوود لەئاستی جەماوەریدا نەهێناوەتە مەیدان و پێداویستییەکانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی لە کۆمەڵگادا دابین نەکردووە، نەیتوانیوە ئامانجە ڕوونەکانی خۆی واتە ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن و ستەم دەستەبەر بکات. بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ئەگەرچی نەیتوانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی مەزن و هەمیشەیی لە وشیاری و زەینیەتی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشی کۆمەڵگادا پێکهێناوە. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بە دروشمەکان، هێماکان و مشتە گرێدراوەکانی ژنان لەسەر شەقام نیشانی دا کە ژنان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێرانن. ئەم بزووتنەوەیە، پاشەکشەی بە لیبرالیسمی بورژوایی ئێران کرد کە لەژێرناوی سنووربەندی کردن لەگەڵ توندوتیژی، لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی چەمکی شۆڕشدا بوو. ئەم بزووتنەوەیە زەینیەتی شۆڕشگێڕانەی بەهێز کرد و بۆ جارێکی تر باسی شۆڕشی خستەوە سەر زارەکان. ئەم بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەرکی پێویستی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەری لەناو هەموو بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێز کرد. ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە هەموو کاتێک بە خەباتی ژنانی ئێران بەرانبەر بە هەڵاواردنی ڕەگەزی، هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتی و جیهانی بەخشی. ژنان بە پێشەنگایەتی خۆیان، بە گڕوتین و بێ باکییان لە گرتنەوەی شەقامەکان نیشانیاندا کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و نایەکسانی بابەتێکی مومکینە. ٨ی مارسی ئەمساڵ لە جەرگەی ئەم پێشڕەوییانەدا بەڕێوەدەچێت.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بە پێشەنگایەتی ژنان بەجۆرێک مۆری خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا کوتاوە کە تەهاجوم و هێرشی کیمیایی بەرنامەڕێژیکراوی ڕژیمی ترساوی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خوێندنگاکانی کچان، هێرشی ڕێکخراو بۆسەر زانکۆکان و کچانی خوێندکار، هێرش بۆسەر ژنانی بێ حیجاب لەسەر شەقامەکان و لە شوێنە گشتییەکان، شەپۆلی یەک لە دوای یەکی ئێعدامەکان و کوشتنی بەندکراوان، نەیتوانیوە کۆمەڵگای ئێران بۆ قۆناغی بەرلە ئاخێزی ژینا بگەڕێنێتەوە. ئەم بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕانەیە، بزووتنەوەی ژنان و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی خستووەتە پێگەیەکی باشترەوە. بەڵام بزووتنەوەی ڕزگاری ژن بۆ سەقامگیرکردنی دەستکەوتەکانی پێویستە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لەناو جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش پەرەپێبدات و ڕێکخراوتر بێتە مەیدانی نەبەردەوە. بەشداری بەرچاوی ژنان لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی خانەنشینان و مامۆستایان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە بزووتنەوەی خوێندکاری و دەورونەخشی ئەوان لە ڕێکخستنی سەرتاسەری و ڕێبەری ئەم بزووتنەوانە تواناکانی بزووتنەوەی ژنانی لە بواری سازماندان و ڕێبەری نیشان داوە. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی شارەکان بە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم گەڕەکانە لەناو ئەنجومەن و شوراکانی ژنان دەتوانێ بەشێکی تر لە هێزی مەزنی خۆی بێنێتە مەیدان. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن پێویستە ئەم بەشە لە هێزی کار لەگەڵ هێزی ڕێکخراوتری چینی کرێکار لە کارخانەکان و ناوەندە سەنعەتییەکان، لەگەڵ ئیعتڕازاتی خانەنشینان و مامۆستایان و لەگەڵ باقی بزووتنەوە نارەزایەتییە پێشڕەوەکان هاوڕێ بکات. بۆ زمانەت کردنی پێشڕەویی بزووتنەوەی ڕزگاری ژن، هێنانە مەیدانی جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش زەرووریە. چونکە ستەم بەرانبەر ژنان و هەموو ئەو هەڵاواردنانەی کە بەسەریاندا دەسەپێ ڕەگ و ڕیشەیان لە پێکهاتە و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادایە.

بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی و لەناویاندا ڕەوتەکانی نیولیبڕاڵی لائیک و کۆماریخواز بۆ کۆنترۆڵکردن و بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ژنان فریوکارانە باس لە یەکسانی یاسایی ژنان لەگەڵ پیاوان دەکەن. ئەمانە بەرابەریی روکەشی ژنان لەگەڵ نابەرابەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکەن. ئەمانە دەیانهەوێ بەرابەری یاسایی ژنان ئاوێتەی بەرنامەی سەرمایەدارانە و نیولیبڕالیسمی ئابووری بکەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەبێ لەناوبردنی موناسباتی سەرمایەداری، بە بێ هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی تایبەت و بە بێ یەکسانی ئابووری هیچ کات تەنانەت بەرابەری یاسایی و یەکسانی مافی ژنان و پیاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیش نایەتە دی. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ڕزگاری ژن هەتا کاتێک کە نەتوانێ لەڕێگەی ئیتحادی ستراتێژیک لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و هەتا کاتێک کە هێزی مەزنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنەران بنەماکانی نیزامی سەرمایەداری نەگۆڕێ و کۆمەڵگا بەرەو ئابووری سۆسیالیستی و ئیدارە و بەڕێوەبردنی شورایی هەنگاو هەڵنەگرێت، ستەم بەرانبەر بە ژنان لە کۆمەڵگادا ڕیشەکێش نابێت و کۆمەڵگاش ئازاد نابێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای ستایشی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی شکۆدارتری ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی بزووتنەوەی ژنان، لە خەبات بەدژی زوڵم و ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی لەئارادایە، ٨ی مارس لە هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب پیرۆزبایی دەکات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران داوا لە هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز دەکات کە لە جەرگەی هاوسەنگی هێزی ئێستادا، کە بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی گۆڕاوە، ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن هەرچی شکۆدارتر بەڕێوەبەرن.

پیرۆز بێ ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی

مارسی ٢٠٢٤ی زایینی

❊ ❊ ❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە شکستی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکان شکستی حکوومەتی ئیسلامی، سەنگەرێک بۆ پێشڕەوییەکانی داهاتوو

هەروەک لە پێشترەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، ڕۆژی هەینی ١١ی مانگی ڕەشەممە خەڵکی تێکۆشەر لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستان سەرەڕای هەموو هەوڵێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و هەڕەشەکانی سەرانی حکوومەت و دەزگا ئەمنی و سەرکوتگەرەکانی ڕژیم، نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرادا دەسەڵاتی ئیسلامییان شکست دا. زانیاریی بەرچاو و مەیدانی نیشانی دا کە لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، ناوەندەکانی دەنگدان زۆر لە ڕابردوو چۆڵتر بوون و بێجگەلە دەست و پێوەندەکانی ڕژیم و ژمارەیەکی کەمی دیکە کە بەهۆکاری جۆراوجۆر چووبوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە ئاستی جەماوەریدا گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی حکوومەتی ئیسلامییان بەرەوڕووی شکستێکی سەرشۆڕانە کردەوە. خەڵکی تێکۆشەر بەم کردەوە سیاسییە نیشانیان دا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەلایانەوە هیچ مەشرووعیەتێکی نییە. زۆرێک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان و باقی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان ڕاشکاوانە و بێباکانە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و بەیاننامەی سیاسی ڕایانگەیاند کە لە شانۆی ئینتخاباتی ڕژیمدا بەشداری ناکەن و دەنگی ئەوان ڕووخاندنی گشت دەسەڵاتی ئیسلامییە. ناوەندە ئامارییەکان باس لەوە دەکەن کە ١٦ لەسەدی خەڵک لەم نمایشە ئینتخاباتییەدا بەشدارییان کردووە. هەڵبەت ناوەندە حکوومەتییەکان پێشتر ڕایانگەیاندبوو کە ٣٠ تا ٣٥ لەسەدی خاوەن مەرجەکانی دەنگدان لەم شانۆیەدا بەشدارییان کردووە. پێویستە بوترێ کە بەپێی هەواڵی گەیشتوو ئاستی بەشداریی خەڵک لە کوردستان زۆر کەمتر لە ١٦ لەسەد بووە. هەڵبەت بەلەبەرچاوگرتنی گەشەی مانگرتنە کرێکارییەکان و پێشڕەوی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان لەماوەی ساڵانی ڕابردوو، وەها شکستێکی سەرشۆڕانە بۆ ڕژیمی ئیسلامیش قابیلی پێشبینی بوو.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە و بەشداری نەکردنی جەماوەری خەڵک لەم شانۆیەی هەڵبژاردن، "نا"یەکی گەورەی دیکە بوو بە حکوومەتی ئیسلامی و بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە هاوسەنگی هێز لە کۆمەڵگادا بەتایبەت لەدوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژینا" بەقازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشی کۆمەڵگا و بەزیانی حکوومەتی ئیسلامی گۆڕاوە. نیشانی دا کە ڕەوتی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی چووەتە قۆناغێکی نوێوە. نیشانی دا کە یەکدەستکردنی پادگانی ئورگانەکانی ڕژیمی ئیسلامی بەئامانجی پەرەپێدانی سەرکوت و زەبروزەنگ بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات، ئاکامێکی نەبووە. نیشانی دا دەسەڵاتێک کە گەندەڵی و دزی ڕیشەی لەناو هەموو ئۆرگانەکانی داکوتاوە و بەرەوڕووی قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی بەردەوامی قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، نەیتوانیوە و ناتوانێ وڵامدەرەوەی خواست و داخوازیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بێت و تەمەنی کۆتایی هاتووە و دەبێ بەشێوەی شۆڕشگێڕانە بڕووخێت. بێگومان لەدوای ئەم گاڵتەجارییە ئینتخاباتییەش حکوومەتی ئیسلامی ناتوانێ ئاڵوگۆڕێک لە بارودۆخی فەلاکەتباری ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگادا پێکبێنێت. کردەوەی حکوومەتی ئیسلامی لە ڕەدی سەلاحیەتی مۆرەکانی ڕژیم لە دوایین شانۆی هەڵبژاردنیدا، نیشانەی ئەوەیە کە خامنەیی و کادری ڕێبەریی سپای پاسداران بەوە گەیشتوون کە بە فریوکاری و تەماع وەبەرنان و هەڕەشە ناتوانن جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە بەرانبەر داسەپاندنی ئەم بارودۆخە سەخت و دژوارەدا بێدەنگ و تەسلیم بکەن. لەم ڕووەوە، بژاردەیەکی دیکەیان بێجگەلە پەرەپێدانی سەرکوت و ئێعدام بۆ درێژەدانی دەسەڵاتەکەیان لەبەر نییە. لەلایەکی دیکەوە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کە ساڵەهایە نەچوون بۆسەر سندووقەکانی شانۆی هەڵبژاردنی حکوومەتی ئیسلامیان کردووەتە بابەتێکی ئاسایی، بەردەوام لەو باوەڕەدابوون کە ڕێگای چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانەی ئێستا، نەک چوونە پای سندووقەکانی نمایشی ئینتخابات بەڵکوو هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی.

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، شکستی سەرشۆڕانەی کۆماری ئیسلامی لەم گاڵتەجارییە ئینتخاباتییە و سەرکەوتنی شکۆمەندی کرێکاران، ژنانی ئازادیخواز و ماندوویی نەناس، زیندانیانی سیاسی، مامۆستایان و خانەنشینانی خەباتکار، خوێندکاران، هونەرمەندان و باقیی توێژەکانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و سەرتاسەری ئێران لە نەبەرد و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی پیرۆزبایی دەکات. بێگومان هەر کام لەم سەرکەوتنانە بەرانبەر بە حکوومەتی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی ئاکامی گەشەی وشیاری و پێگەیشتوویی سیاسی خەڵکی خەباتکار و هەوڵی ماندوویی نەناسانەی هەڵسووڕاوانی پێشڕەو و سۆسیالیست لە کۆمەڵگادایە. هەر کام لەم سەرکەوتنانە لە پاشەکشەکردن بە ڕژیم و لە ڕەوتی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامیدا، هەنگاوێکی گرینگن. پێویستە شکستی شەرمەزارکەری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەم گاڵتەجارییە ئینتخاباتییە بکەینە سەنگەرێک بۆ پێشڕەوی لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە.

بڕووخێ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی کوردستان

بژی سۆسیالیزم

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی

یەکی مارسی ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

## بانگەوازی هاوبەشی

## کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و

## کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست

## بەبۆنەی هاتنی ڕۆژی جیهانیی ژن

ئەو ئاخێزە جەماوەری و شۆڕشگێڕانەیەی کە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی دەستیپێکرد یەکێک لە گرینگترین ئاڵوگۆڕەکانی ساڵانی ڕابردوو لە ئێران بوو. ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە کە بەهۆیەوە زایەڵەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازیی ژنان سنوورەکانی ئێرانی تێپەڕاند و بەشێکی گرینگی لە ناوچەکە و جیهان داگرت. ئەو ژنانەی کە بێجگەلە بزووتنەوەی خۆڕاگری و خەباتی بەردەوام لەماوەی ٥٤ ساڵی ڕابردوو لەژێر زنجیری ئەحکام و سوننەتی کۆنەپەرستانە و یاسای دژی ژنی ئیسلامیدا ڕێگایەکیان بۆ نەمابووەوە، لە نارەزایەتی بە دژی هەژاری و نابەرابەری و لەپێناو گۆڕینی بنەڕەتی بارودۆخی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەور و نەخشێکی بەرچاویان بینی. ژنان سەرەڕای سەرکوتی وەحشیانە و قەتڵ و کوشتاری دڕندانەی ڕژیمی ئیسلامی، هەرگیز لە خواستەکانیان پاشگەز نەبوون.

ژنان و کچان لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١دا سەربەرزانە و بە متمانەیان بە خۆڕاگری و هێزی خۆیان، حیجاب ئەم هێمایەی بێمافی و تەحقیری ژنانیان ئاگر تێبەردا. ئەمڕۆ نە پەسندکراوەکانی مەجلیس، نە هێزی سەرکوتکەری حیجاببان و نە هیچ بەکرێگیراوێکی حکوومەتی توانای بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆیانی نییە.

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەبۆنەی ٨ی مارس

## بەدژی نابەرابەری و هەڵاواردن بەرانبەر ژنان، بۆ ئازادی و بەرابەری!

هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، بۆ جارێکی دیکە پێگەی نایەکسانی ژنان دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا. لە جیهانی سەرمایەداریی هاوچەرخدا، سەرەڕای خەباتی بەرفراوان دژبە توندوتیژی و ستەم بەرانبەر بە ژنان، بەڵام ئێستاش ئەوان بەشێوەی بەرین لە پێگەیەکی نابەرابەر و ژێردەست دان. لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتە ڕاستەکان، هێرش بۆسەر دەستکەوتەکانی ژنان بەتایبەت لە ئەمریکای باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا توندتر بووەتەوە. بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، خەباتی ژنان لەدژی پێکهاتەی سوڵتە و ستەمی باوک / پیاوسالاری لە ئەمریکای باشوور، ئاسیا و ئەفریقا، بەتایبەت لە بەرازیل، ئارژانتین، هێند و ئێران و ئەفغانستان بەشێوەی بەرچاو گەشەی کردووە.

لە ئێران، هەژاری، بێکاری و نادادپەروەری هیچ کات وەک ئەمڕۆ لەسەر شانی کرێکاران و بەشێکی بەرین لە خەڵک، و بەشێوەی چەند بەرابەر لەسەر شانی ژنان قورسایی نەکردووە. ژنانی کرێکار بەشێک لە هێزی کار لە ئێران پێکدەهێنن. بەتایبەت ئەو ژنانەی کە تەنیا سەرپەرستی بنەماڵەن لە بارودۆخێکی کاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپتردا بەسەر دەبەن. ئەم دۆخە لەگەڵ ستەمی جنسیەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، پێگەیەکی تایبەتی بۆ ژنانی ئێران لەچاو باقی ژنانی تر پێکهێناوە.

زیاتر لە چوار دەیەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو ئامراز و یاسایەکی کۆنەپەرستانەی دژی ژن، بۆ داسەپاندنی حیجابی ئیسلامی بەسەر ژناندا هەوڵ دەدات. بەڵام بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی و یاساکانی ئاپارتایدی ڕەگەزی ئەم دەسەڵاتە بووەتەوە و خەباتێکی بەردەوامی بۆ ئازادی و بەرابەری بەڕێوەبردووە. هەروەها شایەدی ئەوە بووین کە دەور و نەخشی ژنان لە بواری خەباتی کرێکاری، بەتایبەت لەو بەشانەی کە دابەشکردنی کار بەپێی ڕەگەز باوە لەوانە خەباتی پەرستاران، مامۆستایان و خانەنشیان وە یان بەشە غەیرە ڕەسمییەکانی کار، بەردەوام پەرەی سەندووە.

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی نیشانی دا کە خەبات بەدژی پێگەی ژێردەستی ژنان و هەڵاواردنی ڕەگەزی، یەکێک لە بوارە گرینگ و بەهێزەکانە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی. درێژەی نافەرمانی ژنان لەئاست یاساکانی حیجابی ئیسلامی و پشتیوانی گشتی لەوان لە جەرگەی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە و دواتری، نیشانی دا کە تاریک بیری و دژەژنبوونی ڕژیم نەیتوانیوە پاشەکشە بە ژنان بکات.

هاوپشتی خەباتکارانە و ڕۆڵی درەوشاوەی ژنان لەماوەی ٤ دەیەی ڕابردوو بەتایبەت لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ بەرەو ئەملا، لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرانبەر سەرکوتکەران لە کۆڵان و شەقام، لە هەموو ناوچە و شارە گەورە و چکۆلەکان، بزووتنەوەی ژنانی کردووەتە خاڵێکی هیوابەخش لە بەرەوپێشچوونی ئاڵوگۆڕەکانی بەردەم کۆمەڵگا.

کارنامەی موقاوەمەت و بەرەنگاربوونەوەی ژنان لە کوردستان دژبە کۆنەپەرستی ئیسلامی، دژبە پیاوسالاری، دژبە هەڵاواردن و کلتوور و نەریتی پرتووکاو، پڕە لە نموونەی درەوشاوە لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان. لە خەباتی سەرشەقامی ساڵی ١٤٠١، لە ڕێوڕەسمەکانی یادکردنەوەی گیانبەختکردووان و لە هەموو ناڕەزایەتییەکاندا بەشداری ژنانی تێکۆشەر و جەسوور یەکجار دیار و بەرچاوە.

ئەمساڵ ژنانی خەباتکار بە پشت بەستن بە هەموو ئەزموون و دەستکەوتەکانی هەتا ئێستایان دەتوانن لە کوردستان ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن بکەنە مۆتەکەیەکی دیکە بۆ ئەم دەسەڵاتە. کۆماری ئیسلامی لە هەموو شوێنێک بەرەوڕووی موقاوەمەتی سەرسەختانە و ئیعتڕازی ژنان بووەتەوە و ئەم بابەتە تەنانەت درزی خستووتە ناو ڕیزی حاکمانی ڕژیمەوە.

لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا جێی خۆیەتی لە هەموو شارەکانی کوردستان ئاڵای "نا" بۆ حکومەتی دژی ژن، هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ستەمێک بەرانبەر ژنان، نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکان بگرینە دەست و یەکگرتوو و بەهێز لە بەرابەر گشت ئەم دەسەڵاتە دژەژنەدا ڕاوەستین. لە ڕۆژی ٨ی مارسدا پێویستە ڕایگەیەنین کە ژنان چیتر سووکایەتی و ژێردەستەیی قەبووڵ ناکەن. با بەدژی بنەماکانی ژێردەستەیی ژن، هەموو ئازادیخوازان بانگەشەی بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە کۆنەپەرستی ئیسلامی بکەین. بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، لە گۆڕستانی ئایچییەوە هەتا نەبەردی ژنان لە سەرتاسەری کوردستان نیشانی داوە کە خاوەنی وەها توانا و هێزێکە.

ئەمڕۆ تەنیا ئامرازی ڕژیم بۆ درێژەدان و پاراستنی دەسەڵاتەکەی سەرکوت و میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگایە. با لە ٨ی مارسدا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتانە، یەکگرتوو و یەکپارچە بۆ جارێکی تر هێزی جەماوەری ڕاپەڕیو نیشان بدەین. خواستی هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاساکانی دژی ژن و نەمانی هەڵاواردنی ڕەگەزی مەرجی پێویستە بۆ ڕزگاری لە زنجیری دیلیەتی مەزهەب و بەربەرییەتی دینی. بەڵام مەرجی بنچینەیی بۆ وەدیهاتنی ئازادیی یەکجاریی ژن، تێکشکاندنی بناغەکانی نیزامی نابەرابەری سەرمایەدارییە، کە ستەم لەسەر بنەمای ڕەگەز و جۆرەکانی تری جیاکاری و دابەشکاری دەخوازێت و بەرهەمی دەهێنێتەوە.

ئێمە داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە لە ڕۆژی ٨ی مارسدا داهێنەری بەڕێوەبردنی شکۆداری ڕۆژی جیهانی ژن بن. هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیسلامی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی بە تەئکیدکردن لەسەر تاوانە نەبەخشراوەکانی حکومەت و موحاکمەی جەنایەتکاران بکەینە ئاڵای دادخوازیی ژنانی خەباتکار.

لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوە هەتا جێژن و شادی و وتار و بڵاوکردنەوەی گوڵ و شیرینی و هەموو جۆرە داهێنانێک، دەتوانن شار و کۆڵان و شەقامی شارەکان برازێنینەوە و وەبیرهێنەرەوەی درێژەدانی ڕێگای گیانبەختکردووانی ئازادی و سۆسیالیزم بێت.

سەرکەوێ بزووتنەوەی ئازادیی ژن

بژی دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان

بژی سۆسیالیزم

١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی

٢٠ی فێوریەی ٢٠٢٤ی زایینی

***

هەر ئێستا کۆمەڵگای ئێمە شایەدی خەباتی ئەو ژنە بوێرانەیە کە هەموو ڕۆژێ لە شەقامەکان و شارەکان و لە هەموو شوێنێک، بەرەنگاری حیجابی ئسیلامی و هەڵاوردنی ڕەگەزی زاڵ دەبنەوە. بەرەنگاربوونەوەیەکی بێوێنە کە جیهانی سەردەمی ئێمە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لەپێناو داکۆکی لە مافی ژن، مافی پۆشینی ئیختیاری و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ فەرمانە ئایینییەکان بەخۆیەوە نەبینیوە. لەم خەباتە بەردەوامەدا زۆرێک لە ژنان گیانیان بەختکرد، چاویان کوێر کرا، دەستدرێژییان کرایە سەر، ئەشکەنجە دران و زیندانی کران، لە شوێنی کار، زانکۆ و خوێندنگاکان دەرکران بەڵام بەردەوام تێکۆشان و خۆڕاگرییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا درێژەداوە. مانگرتنی کۆمەڵێک لە چالاکانی ژن لەناو زیندانەکان بەدژی





ئێعدام یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانە. هەروەها شایەدی گەشەی خەباتی کوێرەکان و پەرەسەندنی تێکۆشانیان لەپێناو وەدیهێنانی داخوازییەکانیان بووین.

خەبات و موقاوەمەتی ژنان لە ناڕەزایەتییە بەرینەکانی کرێکاران لە ناوەندە سەنعەتی و خزمەتگوزارییەکان، ناڕەزایەتی بەردەوامی خانەنشینان و باقی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا بەدژی هەژاری و زەبروزەنگ، نیشانی داوە کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵک، هێزی مەزنی کار و زەحمەت بە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی چاوترسێن نابن.

لە سەروبەندی ٨ی مارس – ڕۆژی جیهانیی ژن کە کۆمەڵگا بەشوێن ئاڵوگۆڕەوەیە، ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە بۆ نموونە لەڕێگەی سێلێبریتی دروستکردن و ڕێبەرانی ساختەی دەستکردی میدیاکان هەوڵ دەدات ناڕەزایەتی ژنان و ستەملێکراون زەوت بکات و بیخاتە مەسیری بەدیلێکی کۆنەپەرستانەی دیکەوە.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا ئەرکی گەورە و گرینگ کەوتووەتە سەر شانی پێشڕەوانی بزووتنەوەی ژنان، ڕێبەران، چالاکان و پێشەنگانی خەبات بۆ مافی بەرابەری و ئازادی، بۆ ئاڵوگۆڕی بنەمایی و بۆ ڕیشەکێش کردنی هەمووجۆرە ستەمێک بەرانبەر بە ژنان. خەباتی بەکۆمەڵی خەڵک و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لەماوەی ئەم چەند دەهەیەدا و بەتایبەت لەماوەی یەک ساڵ ونیوی ڕابردوودا نیشانی داوە کە خەباتی ژنان لە جەرگەی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگای ئێران، لە خەباتی کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جودا نییە. خەباتی هاوبەش و هاوشان بۆ ڕووخاندنی نیزامی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی لە خواستە گرینگەکانی بزووتنەوەی ژنانە. چونکە گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری، یەکسانی ماف لە هەموو بوارەکانی ژیان، گەشەی ژنان لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەڕێگەی ڕزگاربوون لە یاسای پرتووکاوی ئیسلامی و لەڕێگەی ڕزگاربوون لە ئابووری سیستمی سەرمایەداری زاڵ بەدی دێت.

ڕۆژی هەشتی مارس پێویستە بکەینە بۆنەیەک بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ئێعدام، بۆ خەبات لەپێناو ئازادی زیندانیانی سیاسی، بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕادەربڕین، مافی ئازادی جلوبەرگ، بۆ حەقدەستی بەرابەر، بۆ دابینکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان.

ڕۆژی هەشتی مارس، ڕۆژی مارشی تینووانی ئازادی و بەرابەری و خۆشبژێوی و ئاسایشە. هەشتی مارس ڕۆژی ڕاگەیاندنی بەرابەری کاملی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بانگهێشتی هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، هەموو چالاکانی بزووتنەوەکان و ڕێکخراوەکان دەکات بۆ بەشداریکردن لە ڕیزی ژنان لە ڕێوڕەسمەکانی ٨ی مارس و شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆژە.

بژی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن!

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

٢٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ – ١٤ی فێوریەی٢٠٢٤

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## ١١ی ڕەشەممە ڕۆژی شکستێکی دیکە بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

قەرارە شانۆی هەڵبژاردنەکانی دوازدەهەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و شەشەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرگانی ڕەهبەری ڕۆژی ١١ی مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی بەشێوەی هاوکات بەڕێوەبچێت. بەپێی مەرجە دیاریکراوەکان تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن خۆ کاندید بکەن کە باوەڕ و پابەندبوونیان بە ئیسلام و وەلایەتی فەقیە و قانوونی ئەساسی سەلمێندراوە و پێشینەیان لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعات و شۆرای نیگەهبانەوە پەسندکراوە. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بەم پێش مەرجانەی کە بۆ کاندیداتۆری لەم شانۆیەدا دیاری کردووە، داوا لە خەڵکی ئێران دەکات کە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە بێنە پای سندووقەکانی دەنگدان و لەناو قافڵەی جەنایەتکاراندا، لەناو قاتڵانی ڕۆڵەکانیاندا و لەناو دزان و دەست و پێوەندەکانی ڕژیمدا ژمارەیەکی دیکە هەڵبژێرن تا بۆ چەند ساڵی دیکە بەسەریاندا دەسەڵاتداری بکەن.

ئەم فریوکارییە کە ناوی ئینتخاباتیان لەسەر داناوە، ٤٤ ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەوە دەستیپێکرد کە بۆ مەشرووعیەت دان بە ڕژیمی ئیسلامی ڕێفراندۆمێک بەڕێوەچوو. پرسیاری فریوکارانە و وڵامی "ئەرێ یان نا" کە بۆ ئەم ڕێفراندۆمە دیارییان کردبوو، بەجۆرێک بوو کە گۆیا ئەگەر کەسێک دەنگی "ئەرێ"ی لە سندووق نەخستبایە، بەمانای ئەوە بوو کە خوازیاری گەڕانەوەی ڕژیمی پاشایەتییە. سەرەڕای ئەم فریوکارییە ئاشکرایە، هەر ئەو کاتیش خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە وشیاریی تەواوەوە لەم ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان نەکرد و مەشرووعیەتی ئەم ڕژێمەیان قەبووڵ نەکرد. لەدوای ئەم ڕووداوە و لەماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا هیچ ئینتخاباتێک لە ئێران بەڕێوەنەچووە کە تەنانەت بەپێی نزمترین ستاندارد و پێوەرە ناسراوەکانی دیموکراسی بورژواییش بە هەڵبژاردنی ئازاد هەژمار بکرێت.

گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە تەنانەت بە ئیعترافی ڕێبەرانی باڵی ئوسوولگەرا و باقی کارگێرانی ڕژێم، بێ ڕەونەقترین گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن لە حەیاتی کۆماری ئیسلامی دەبێت. چونکە خودی کارگێرانی ڕژێمیش دەزانن کە ئیتر ناتوانن خەڵک بە تەبلیغاتی درۆینە لە دەوری سندووقەکانی دەنگدان کۆبکەنەوە و وێنەیان لێ بگرن و وەک بەڵگەی مەشرووعیەتی خۆیان بەکاری بێنن. باڵەکانی ڕژیم هەر کامەیان بێ ڕەونەق بوونی شانۆی ئینتخابات دەخەنە ئەستۆی ئەوی تر. خامنەیی کە یەکجار نیگەرانی ئەم وەزعیەتەیە هەتا ئێستا چەندین جار لە کۆبوونەوە لەگەڵ مەداحانی ڕژیمی ئیسلامی وێڕای وەبیرهێنانەوەی حمایەتەکانی ڕژیم لە مەداحان و مەوعیزە خورافییەکانی، مەئمووریەتی پێ داون کە لەژێرناوی "جەهادی تەبیین"دا تەبلیغ بۆ ئینتخابات بکەن. خامنەیی وتی: «مەداح، واعز و هەیئەت لە گرینگترین بەشەکانی دەسەڵاتی نەرمی

حکوومەتن. ئەمڕۆ ئێمە هەڵبژاردنمان لەپێشە و ئێوە دەبێ ئەرکی خۆتان بزانن. باری جەهادی تەبیین لەسەر شانی ئێوەیە". خامنەیی بێجگەلە تەبلیغ ئەرکی داسەپاندنی زۆر و ملهوڕیشی پێ سپاردن. هەروەها خامنەیی وتی: «هێندێک نایانهەوێ هەڵبژاردنەکان ئەوجۆرەی کە شیاوە بەڕێوەبچێت. هەوڵ دەدەن خەڵک نائومێد بکەن. خەڵک بێ متمانە بکەن کە هەڵبژاردنەکان هیچ فایدەیەکی نییە. ئێوە دەبێ بەرەنگاریان بنەوە. هەرکەس دژی هەڵبژاردنەکان بێت، دژی کۆماری ئیسلامی و ئیسلامە و ئەمە کردەوەیەکی دوژمنانەیە". هاوکات لەگەڵ مەوعیزەکانی خامنەیی جێگری سپای پاسدارانیش ڕایگەیاندووە کە دەبێ بە "جەهادی تەبیین" بەرەنگاری دوژمن و نەیارانی نیزام لە زانکۆکان بینەوە.




بەڵام خەڵکی کوردستان ساڵەهایە لەگەڵ ئەم فریوکاری و هەڕەشانەی ڕژیم لەم بوارەدا ئاشنان. خەڵکی کوردستان بە ڕوونی لەوە گەیشتوون کە ئەوەی ڕژیم لەژێرناوی ئینتخاباتدا بەڕێوەی دەبات لەڕاستیدا درێژەی هەمان بێمافی و هەژاری و فەلاکەتێکە کە بە زەبری زۆر و سەرکوت لەماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاندووە. ئەمەش هەر ملهوڕی و زۆروێژییە بە سیمایەکی ترەوە کە ناوی هەڵبژاردنیان لەسەر داناوە.

یەکێک لە کارکردەکانی ئینتخابات لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیم ئەوەیە کە ئەم نمایشە بووەتە ئامرازێک بۆ تازەکردنەوەی ئارایشی سیاسی باڵەکانی ناو حکوومەت. لەم ڕووەوە، هەموو باسێک سەبارەت بە دیموکرات بوونی پرۆسەی ئینتخابات، دەخاڵەتی "شۆرای نیگەهبان" و "وەلی فەقیە" و سپای پاسداران و ڕەدی سەلاحیەتی نوێنەران و ساختەکاری لە دەنگدان و کاری هاوشێوە، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئیعتڕازی خەڵکی تینووی ئازادی ئەم وڵاتە نییە. بەڵکوو هەموو ئەمانە ژێرپێخستنی یاساکانی ئەو یارییەیە کە لەناو خودی باڵەکانی حکوومەتدا لەئارادایە. ئەمە تۆڵەسەندنەوەی باڵە دەسەڵاتدارەکان لە یەکترە و پەیوەندییەکی بە پێشێلکرانی مافی خەڵکەوە نییە. مافی کۆمەڵایەتی خەڵک لەو کاتەوە پێشێلکرا کە ڕژێمێکی دژی کرێکار، دژی ژن، دژی لاو، دژی شادی، دژی ئازادی و دوژمنی مرۆڤایەتی لەڕێگەی کوشتار، ئەشکەنجە و زیندان، بە زۆر و سەرکوت، خۆی بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا سەپاند. هەربۆیە نابێ ڕێگە بدرێ کێشمەکێش و ناکۆکی نێوان باڵەکانی حکوومەت بە حیسابی دەنگی خەڵکی ئێران یەکلا بکرێتەوە.

کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هیچکات بە ئەندازەی ئەم دەورەیە، سرووشت و ناوەرۆکی ئەمجۆرە نمایشە ئینتخاباتییەیان بۆ ڕوون و ئاشکرا نەبووە. جەماوەری کوردستان دەزانن لە وەها بارودۆخێکدا هەر دەنگێک، بە هەر بیانوو و پاساوێکەوە لەژێرناوی "ئینتخابات" بخرێتە سندووقی دەنگدانەوە، بەکردەوە لە خزمەت درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم ڕژیمە و لە خزمەت درێژەی ئەو کارەساتانەدا دەبێت کە کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئێرانی هێناوە. لەم ڕووەوە کرێکاران و خەڵکی کوردستان بڕیاریان داوە کە شکست بەو شانۆی هەڵبژاردنەی ڕژیم بێنن کە قەرارە ١١ی ڕەشەممە بەڕێوەی بەرێت. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان بە بایکۆتی لێبڕاوانەی ئەم گاڵتەجاڕییە بە هەموو خەڵکی جیهان و بیروڕای گشتی نیشان دەدەن کە ئەم ڕژیمە مەشرووعیەتێکی نییە و خۆی بە زەبری زۆر و سەرکوت بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە نەچوونیان بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان و بە شکست پێهێنانی ئەم گاڵتەجاڕییە کە پێی دەڵێن ئینتخابات، لاپەڕەیەکی دیکە بە مێژووی خەباتی ماندوویی نەناسانەی خۆیان بەدژی کۆماری ئیسلامی زیاد دەکەن.

***

## پەرەسەندنی کارەساتی ئینسانی لەدوای هێرشی زەمینیی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر "ڕەفەح"

ڕژیمی فاشیستی ئیسرائیل پێنج مانگە لە جینۆساید و شەڕی جەنایەتکارانەیەکدا کە بەدژی خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین لە کەرتی غەززە بەڕێوەی دەبات، زیاتر لە ٢٩ هەزار کەسی کوشتووە و پتر لە ٦٩ هەزار کەسی بریندار کردووە. زیاتر لە یەک لەسەر سێی ئەم کوژراو و بریندارانە منداڵانن. ئەم ڕژیمە بە پشتیوانی ئەمریکا، ئاڵمان و بریتانیا و باقی دەوڵەتەکانی تری یەکیەتی ئورووپا پێنج مانگە دوو میلیون و نیو کەسی لە خەڵکی ئەم کەرتە ناچار دەکات کە بەبێ هیچ ئیمکاناتێک لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کۆچ بکەن. تا بەڵکوو بتوانن گیانی خۆیان و منداڵەکانیان لە هێرشی ئەم حکوومەتە جەنایەتکار و فاشیستە بپارێزن. بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی مانگی ڕەشەممە فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپخانەی دەوڵەتی ئیسرائیل حەوت جار شاروچکەی "ڕەفەح"یان بوردمان کرد و بەهۆیەوە زیاتر لە سەد کەسی تر لە خەڵکی ئاوارە و بێ خانە و لانە کوژران و خەساراتێکی بەرینیش بەر بینا و ژێرخانە لاوازەکان کەوت. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێران: "دیمەنی ترسناکی جەستەی لەت و پەت بووی منداڵان و ژنان، ویژدانی هەموو ئینسانێکیان ئازار دەدا. ئەو منداڵانەی کە هیچ ڕۆڵێکیان لە شەڕ و دەستگیرکردنی دیلەکاندا نەبووە".

"ڕەفەح" دوایین شاری ٢٠٠ هەزار کەسییە لە نزیکی سنووری میسر کە یەک ملیۆن و چوارسەد هەزار کەس لە خەڵکی ئاوارەی ناوچەکانی تری فەلەستین پەنایان بۆ بردووە. بەڵام دەوڵەتی فاشیست و گەندەڵی نەتانیاهۆ لەوێش دەستیان لێ هەڵناگرێ و خەریکی هێرش کردنەسەر ئەم شارەیە کە لەئێستادا گەورەترین کەمپی ئاوارەکانی جیهانە. ئەم تاوانە لەبەرچاوی دەوڵەتانی مودەعیی درۆینەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەوانە ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا لە حاڵی ئەنجامدایە کە وێڕای دانی چرای سەوز و پارە و ئیمکاناتی جەنگی بۆ ئەنجامدانی ئەم جەنایاتە، جاروبارە وەبیر ئیسرائیلی دێننەوە کە: "هەوڵ بدات تەڵەفاتی خەڵکی سیڤیل کەم بکاتەوە و بەر لەوەیکەی هێرشی زەمینی بکاتە سەر ڕەفەح ئەم شارە چۆڵ بکات". هەڵبەت ئەوان باش دەزانن کە ئەم هەوڵانە نە لەئارادان و نە مومکینیشە. چونکە هیچ شارێکی تر نەماوە تا خەڵکی فەلەستین بۆ ئەوێ کۆچ بکەن و دەوڵەتی میسریش سنوورەکانی خۆی بەڕەوڕووی ئاوارەکان داخستووە. دەوڵەتی



فاشیست و جەنایەتکاری نەتانیاهۆ دەیهەوێ یەک ملیۆن و٦٠٠ هەزار ئینسان ڕەوانەی ناوچەیەکی بیابان بە بەرینایی ١٦کیلۆمەتری چوارگۆشە بەناوی "ئەلمەواسی" بکات کە نە ئینسان و نە هیچ ئیمکاناتێکی ژیان و تەنانەت ئاویشی لێ نییە. ئەمەیە گەڵاڵەی بەناو "مرۆڤدۆستانە"ی دەوڵەتی ئیسرائیل و فرمێسکی درۆینەی دەوڵەتانی پشتیوانی، کە لە ئەگەری بەڕێوەبردنیدا بێگومان یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی ئەم سەدەیەی لێدەکەوێتەوە.

سەرەڕای تووڕەیی و بێزاریی جیهانی و بیروڕای گشتی لەئاست شەڕی وەحشیانەی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە و دەربڕینی موخالفەتی زاهیری ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا، دەوڵەتی ئیسرائیل لە حاڵی ئامادەکاری هێرشی زەمینی بۆسەر شاری ڕەفەحە. بنی گانتس سەرۆکی پێشووی ئەرتەش، بۆ جارێکی تر هۆشداری داوە کە: "ئەگەر حەماس لەگەڵ ئازادی باقی دیلەکان هەتا دەستپێکی مانگی ڕەمەزان موافقەت نەکات، ئیسرائیل هێرشی زەمینی دەکاتە سەر شاری ڕەفەح". ئەوەش لە حاڵێکدایە کە چالاکانی سەربەخۆ و چوار ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئیسرائیل ڕایانگەیاندووە کە وەزعیەتی ئینسانی لە کەرتی غەززە "غەیری قابیلی تەحەمول"ە. چونکە سەدان هەزار کەس لەوێ بەهۆی دەستڕانەگەیشتن بە خۆراک، ئاو و پێداویستی پزیشکی مەترسی مەرگیان لەسەرە و داوایان لە دەوڵەتی نەتانیاهۆ کردووە کە پابەندی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بێت. بێجگەلە ئەم ناوەندانەی مافی مرۆڤ، ٣١ ئاژانسی فریاگوزاریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێنج گرووپی دیکەی فریاگوزاری، ڕۆژی چوارشەممە ٢ی مانگی ڕەشەممە لە داوایەکی هاوبەشدا لەئاست پەرەسەندنی برسیەتی و قەیران و کارەساتی ئینسانی لە غەززە هۆشداریان دا و خوازیاری ئاگربەست و کۆتایی دەستبەجێی

شەڕ بوون.

بەڵام ئەوەش کۆتایی کار نابێت. دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل دوای گەیشتن بە ئامانجەکانی کە بریتییە لە نابوودیی گرووپی تیرۆریستی حەماس و ئازادی نزیکەی ١٠٠ دیلی ژێر دەستی حەماس و دابینکردنی ئەمنیەتی خەیاڵی بۆ خۆی، دەیهەوێ گەڵاڵەیەکی دیکە بەمەبەستی بەناو ئیدارەی ناوچەی غەززە دوای کۆتایی شەڕ بەکردەوە دەربێنێت. ئەم گەڵاڵەیەش بێجگەلە درێژە و پەرەپێدانی داگیرکاری شتێکی تر نییە. هەواڵنێریی ڕوویتێرز ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی مانگی ڕەشەممە ئاشکرای کرد کە یەکێک لە کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە: "ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوە دایە کە دوای کۆتایی شەڕ تا ماوەیەک بۆ تاقیکردنەوە هێندێک لە کاروباری"مرۆڤدۆستانە"ی ڕۆژانە لە کەرتی غەززە بەو فەلەستینییانە بسپێرێ کە هیچ پەیوەندییەکیان نە بە حەماسەوە هەبێت و نە بە تەشکیلاتی خودگەرانی فەلەستینەوە". ئەم پلانە ناکارامەیە کە دەوڵەتی ئیسرائیل بە پێش زەمینەی دروستکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کەرتی غەززە لە دوای جەنگ ناوی بردووە، دەستبەجێ ڕووبەڕووی دژایەتی توندی حەماس و تەشکیلاتی خودگەردان بووەوە.

بەم حاڵەوە هێدێک هەوڵ و وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەست لە کەرتی غەززە و بۆ ئازادکردنی بارمتە ئیسرائیلییەکان لەئارادایە. دەوڵەتی ئەمریکا کە هەتا ئێستا بۆ پشتیوانی لە ئیسرائیل گەڵاڵەکانی ئاگربەستی مرۆڤدۆستانە و درێژماوەی شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڤێتۆ کردووە، بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانانی لەڕێگەی ئاگربەستێکی کاتییەوە دەیهەوێ یارمەتی ئیسرائیل بدات بۆ ئازادکردنی دیلەکانی.

لە وەها بارودۆخێکدا ئەمریکا و باقی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەوە گەیشتوون کە تەنها ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین بە گەڵاڵەی پێکهێنانی دوو دەوڵەت مومکین دەبێت. ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی مانگی ڕەشەممە جۆزێف بۆرل بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی گرووپی ٢٠ ڕایگەیاند کە: "هەموو دەوڵەتە بەشداربووەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە گەڵاڵەی پێکهاتنی دوو وڵات تاکە چارەسەری ئاشتییە لە ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین و بەبێ ئەو گەڵاڵەیە ئاسایشێکی سەقامگیر بۆ ئیسرائیل بوونی نابێت و ئاشتی تەنها وەهمێک دەبێت".

بەڵام ئەوەی ئێستا پێویستە و بەپەلە و ئەولەویەتە کۆتاییهاتنی یەکلاکەرەوەی شەڕ و گەڕانەوەی خەڵکی ئاوارە بۆ شار و زێدی خۆیان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی کەرتی وێرانکراوی غەززەیە. بێگومان پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی لە تەنیشت ئیسرائیل، بە ستراتیژی گەڕانەوە بۆ سنووره جوگرافییەکانی ساڵی ١٩٦٧، ڕێگاچارەیەکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشەی فەلەستین. ڕێگاچارەیەک کە خۆڕاگری و گیانفیدایی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین و بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ ئەم نەتەوە ستەملێکراوە، خستوویەتە ئاسۆوە.

❊❊❊

# شێعر

**پێشکەش بە زارا محمدی معلمی زوانی کوردی**
**مەشخەڵدارێکی تێکۆشانی بەردەوام و بوێرانە**

چرا هەڵکەین
هەستن
زووکەن
چرا هەڵکەن
سات ساتی ڕێ داگرتنە
با بە کۆمەڵ چرا هەڵکەین
بەرچاومان ڕوون بکەینەوە
دەوری دونیا بدەینەوە
دونیا تاریکە
تا بڵێی تاریک تاریک
ڕێ برانە و ئەنگوستەچاو
چاو چاوی چاودار نابینێ
بینایی بستێ بڕ ناکا
کەس هەنگاوێ ڕێ دەر ناکا
هۆ گشت کەسان!
هۆ بێبەشان!
هۆ ژنانی بێماف و لاوانی بێباک!
هۆ عاشقانی ئازادی!
با هەر کامە لە ئاست خۆمان چرا هەڵکەین
چرای بەرچاو ڕوونکەر هەڵکەین
با ڕێبواران ڕێ دابگرن
هۆ هۆ دەستەی مەشخەڵ بەدەست
مەشخەڵەکان بەقەد باڵای هیمالایا بەرز کەنەوە
با لە مەشخەڵی ئۆلۆمپیک گەشێن تر، گەشاوەتر بن
وەک مەشخەڵی ئۆلۆمپیکیش جیهانگەڕ و جیهانگر بن
شاربە شار، گەڕەک بە گەڕەک
دەوری دنیایان پێ بکەین
جادە جادە و کۆڵان کۆڵان
ڕووناکایی بپژێنینە دەر و ماڵان
***
چاوە
٧ی مارسی ٢٠٢٠

❊❊❊

پێشڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧